# ئێمە هاووڵاتی پلە چەندین؟؟؟؟

عەلی مەحمود محەمەد 25-3-2005

لە هەموو وولاَتێك یاسا تیایدا بالاَدەست بێت , هەر هاووڵاتییەك لە ناو لانكەوە بۆ پیر ترینییان , لە ڕامبۆوە بۆ لات ترینینییان , لە بیل غیتسەوە بۆ سوالَكەر ترینییان , لە كوڕ و كچانی سەرۆكەوە بۆ منالآنی فرێ دراوی باوك نەزانراوو بۆ بێكەس ترینییان , هەموو لە ماف و ئەركدا یەكسانن , نە كچی سەرۆك دەتوانێت تەنەكەی زبلَی مالَە هەژارێك بقوپێنێت , نە بیل غیتسیش دەتوانێت بە لەیلە عەلەوی تۆز و خۆلَ بەسەر هاووڵاتییاندا ببارێنێت , ئەوە باسی دەستدرێژی بۆ سەر كچان و داگیركردنی زەوی و پاوان كردنی كۆنتراكت و دەست بەسەراگرتنی كارو پاروی هاووڵاتییان و قوتی جەماوەر و كۆنترۆلَ كردنی سیاسەت و دەسەلاتدارییەتی و ئابوری و .. هەر ناكەم.

لەم وولاَتانە خەلَك بە دلَی خۆی بۆی هەیە بپرسێت و بزانێت و بخوێنێتەوەو داهاتی نیشتمان چەندە؟؟ , لە كوێوە دێت و بۆ كوێ دەڕوات ؟؟, مانگانەی سەرۆك چەندە؟؟ , كەمە یان زۆر ؟؟ , دوای سەرۆكایەتی چی دزیارییەكی ئاشكرا دەبێت؟؟؟ . سیاسەتی وولاَت بەرەو كوێ دەبات ؟؟, غەرامییاتی نهێنی , زەوق و ئارەزووەكانی , ژمارەی پێلاَوو هیوایەتەكانی , دلَداری كوڕ و كچەكانی , كەی حەقی گولَ باران كردنی هەیە , كەی بدرێتە بەر هێلكەو شەپازلە , كەی دەنگی پێبدرێتەوە كەی سوك و ڕسوا بكرێت بكرێتە پەندی زەمانە , لە وولاَتانی مۆدێرن و دیموكراسی ئەوەی ببێتە سەرۆك چاوەڕوانی هەموو ئەمانە دەكات . یەك كاریكاتێرست ئەو ڕۆژەی سیاسەتەكانی بە دلَی ئەوە دەیكات بە گولَ , ئەو ڕۆژەی دژییەتی دەیكات بە ئەسپ و بەراز .

لەوانەیە بلَێن ئەوەی تۆ باسی لێوە دەكەیت ستانداردی ئەورووپایە نەك وولاَتانی دواكەوتووی چەشنی كوردستان , هەرچەندە كوردستان نموونەی دیمۆكراسییە بۆ ناوچەكە وەك خۆیان دەبێژن . لەم كوردستانەی نموونەی دیموكراسی ناوچەكە سەرۆك و سەرۆكۆكەكان هەرچیان بوێت بە كەیفی دلَ دەیكەن , ئەردۆعانیش تەنها لەبەر پۆشینی حیجاب كچەكانی بۆ خوێندن دەنێرێت بۆ واشنتۆن , چونكە ئەردۆغانی دیكتاتۆر ناتوانێت لەچك بۆ كچەكانی لە زانكۆكانی ئەستەنبولَ و ئەنقەرە دابین بكات , كەچی لە كوردستان بەرپرسان بۆ منالَەكانییان دەتوانن زانكۆ بە كردن بدەن نەك یاسای لەچك بەكردن دەركەن .

لە پۆلیڤییا سەرۆكی پێشوو بە تاوانی كوشتنی 56 خۆنیشاندەر دادگایی دەكرێت , دانەیەكی كەش وا خەریكە سەری خۆی بۆ هاندەران لە ترسی جەماوەر هەلَەگرێت , 56 بۆ بچوكترین بەرپرسی ئێمە تەنها قوربانی لاقێكی كورسییەكەیەتی نەك وورگ و هەرچوار پەلی.

ئەم هەوای دیموكراسییەی وا لە ناوچەكە لە بن هەنگلَی تەرمەكەی ڕەفیق حەریرییەوە هەلَی كردووە , خەریكە موقتەدا بە ئاگری قوتابیانی بەسرە دەسوتێنێت , بەشار ئەسەد بە دەست كوردە بێناسنامەكانی عاموداو حەسكە زەلیلە كات , لە میسر بە دروشمی كفایە وصلَنا نهایە قاهیرە دەلەرێنێتەوە . باشە بۆ لەگەلَ نەعرەتەی قوتابیانی هەولێرو سلێمانییا خۆی نەكات بە كوردستاندا ؟؟؟, كۆتایی بە نیو سەدە زەلیلی ئەم گەلە نەهێنێت , دەبا هەموو پێكەوە بلَێین كفایە احنا اكراد هم وصلَنا نهایە .

بەعس هەموو ئەو كوردانەی لە دوای 6-9-1988 بە ناچاری تەسلیم بوونەوە بە مرۆڤی پلە دووی ناساندن, لە مۆلَەتی شۆفێرییەوە بۆ شایەدی دان و دامەزراندن و ژن مارەكردن تا خوێندن و سەفەركردن .... لە هەر هەمووی بێبەری بوون . ئێستا سنوری جیاكردنەوەی پلەكان لە كوردستان زۆر زیاتر بوونە لەو سەردەمە , كۆمەلَگای كوردستان چەشنی ئاینی هیندۆسەكان دابەش بووە بە سەر چوار چیندا. پلەی بالاَ سەرۆك و خێزان و دەورو بەرە , ئەمانە لە خواوەندەوە هاتوون بە دیاری بۆ ئەم گەلە , نانی گەل , چارەنوسی ژیان , سالَی تەمەن , مەكرەمەی دیموكراسی هەموو لە چنگی ئەوانە , پلەی

دووەم مەکتەبی سیاسی وەزیرەکانی هەردوو حیزبە , پلەی سێیەم کادیرو ئەندامی هەردوو حیزب و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتە بێدەنگەکانی کەیە , پلەی چوارەم مەنبوزەکانی کۆمەڵی کوردستانە زۆربەی ڕەش و ڕوتی بێ پشت و پەنای گەلە, بۆ هەر شوێنێك دوڕوات بەرەو ڕوی نا دەبێتەوە . لە کوردستانی ئێمە لەجیاتی ئەوەی سوراحی سەر دانوێنی بۆ پیاڵە تێکا بۆی , دەبێت پیاڵە بە کڕنووشەوە داچەمێتەوە بۆ سوراحییەك تا قوڕگی تەڕ کات بە ئاوە گەڕاوەکەی .